# خەریکە ئێوارە دادێ..

زاناسامان

(1)

خەریکە ئێوارە دادێ..
نەنیگایەك
بەسەر سنگی پەنجەرەوە بەجێماوە
نەجێ پێیەك
بەشەقامی تەنیایدا
بزە بۆ گەیشتنێ دەكات،

(2)

خەریکە ئێوارە دادێ..
هەرچی تێروانینی مەستە
شێتانە ملی رێدەگرن
بەبێ ئەوەی
گوێیان لەنركەی تەمەن بێ،

(3)

خەریکە ئێوارە دادێ..
واپەرەسێلكەی هیوایەك
لەسوچی چاوەروانیدا
بۆساتەكانی خۆشبەختی
بەبێهودە
رۆح لەسەر باڵ
زیكەیەتی،

(4)

خەریکە ئێوارە دادێ..

مەلۆتکەی خەیاڵی شێتم

بەقردێلەی حەزێکەوە

ئاڵۆسکاوەو

بۆخرۆشانی ویستی خۆی

لەبەر ئاوێنەی ژیانا

گریانیەتی،

(5)

خەریکە ئێوارە دادێ..

لەناودڵی بێدەنگیدا

هاژەی پەیڤێ

وێنەی گوڵێکی رسکاوەو

خشپەی وەرینی لێوەدێ،

(6)

خەریکە ئێوارە دادێ..

بەگۆشەی تابلۆیەکەوە

خوێنی پەنجەی نیگارکێشێ

بیرەوەریەکی قوڵەو

واژۆی خەمی تیا کێشاوە،

(7)

خەریکە ئێوارە دادێ..

مەرگ..دەستی

بەژێرچەنەی گەڵاوەیەو

رووەو شەکەتبوونی عەشق

وەکو پۆرترێتی شاعیرێ

دوور دەروانێ،